# ئالآ

عەلی مەحمود

ئالآ سەرباری ئەوەی ئارمی نەتەوەیە ,هاوکات ناوی جنسی لەتیفیشە , هەنێك جار دەربڕی ناوی جوانترین کچ و هەندێك کاتی کەش ناشرینترینییانە , لەمەیا ژنانی کورد سەربەرزن بەوەی ناوی ئارمی نەتەوەو نیشتمان بە قسمەت و نسیبییان بووە , ئەگەر ئیسلامییەکان گرنگییان بە نیشتمان و نەتەوە بدایە , چل یەکی ناسیۆنالستەکان تەقدیسییان بکردایە بێگومان داوای ئەوەیان دەکرد دەبێت ئالآ ناوی نێرینە بێت , ئەوەی لەم بڕیارە دەرچوایا فتوا بارانییان دەکرد , چۆن نێرینەکان ناوی هەموو پێغەمبەران و ئەسحابەو بەندەکانی پەروەردگارییان داگیر کرد و هیچییان بۆ ژنان نەهێشتەوە , تەنانەت نیوەی میراتیشییان بۆ نەمایەوە لە ناوە پیرۆزەکان , ئەوا ئالآش بەو دەردە دەڕۆیی .

ئالآ بۆ هەموو نەتەوەیەك سیمای شکۆیی و سەروەرییە , بەڵام قەت نەیتوانییوە سکی برسییەکی نەتەوە تێر بکات , ئالآی مۆزەمبیق لە ئالآی سوید زۆر جوانتر و بە هەیبەت ترە , بەڵام حاڵی سکی مۆزەمبیقییەکان خۆشە. ئالآی سریلانکاش دەبینیت ترس دات دەگرێت , کەچی بەدەست پڵنگەکانی تامیلەوە بوونە بە سینەما . بە ئالآش بوایا دەبوایە تایوان پۆزی بەسەر چینا لێدایا , بەڵام مس لەبان سەرییان بتوێنیتەوەچین دەرەچێت .

لە هەموو وولآتان ئالآی سەرسنورەکان گەورەترینە و لە بەرزترین پنتی سەر سنورەکان لە سەر ڕێگاو بانی گشتییەکانی دەرەوە بە ئاسمانی وولآتا دەشەکێتەوە , بۆ ئەوەی هەر کەسێك پێ دەنێتە ناو خاکی نیشتمانەوە هەیبەتی ئالآ کە هەیبەتی نیشتمانە ببینێت ! !, بەڵام سەد داخ و مخابن ئالآی کوردستان لە ئیبراهیم خەلیل کە چاوت پێی دەکەوێت پڕ قوڕگت لە گرییان دەبێت , بچوك بچوك , ژاکاو دەڵێی ئالآی ولاتێکە تازە تسۆنامی وێرانی کردووە , تا لێی نزیك نەبیتەوە هەست بە بوونی ناکەیت , نزم نزم لە پەنایەك شاردراوەتەوە نەك هەڵدرابێت , تا نەڕمێیت بە سەریا نایبینیت . کەچی ئەو ئالآیەی لە هەولێر و کەرکووك بینییم لە لایەن پارتی دەسەڵاتداری ئیبراهیم خەلیلەوە , ئەوەی سەر سنور بە هێلکەشی ناشێت نەك بەچکە , لە جیهاندا وولآتێك نابینم ئالآی سەر سنوری وا کزو لاواز و بچوك و شاراوەو کۆن بێت , بە تایبەت ئالآی سەر سنوری ولآتێکی دوژمنی هەڕەشەکەری وەك تورکیاش , ئالآکان لە سەر سنورەکان لە جیاتی گەل دەجەنگن , دیارە کوردیش بەرامبەر تورکیا ئەوەندە لە بارییەتی .

هەندێك لایەن دڵییان بەوە خۆشە ئەو ئالآی عێراقەی هەڵییان داوە , بە ئاسمانی هەرێمەکەیانەوە دەشەکێتەوە , ئالآی هەڵەبجەو ئەنفال نییە , چونکە ئەڵاهو ئەکبەرەکەی تێدا نییە . ئەرێ گەلۆ پرسیارێك خۆ مێژووی ئەڵاهو ئەکبەرەکە هەمووومان لە یادمانە 2ساڵ بە دوای ئەنفال و هەڵەبجە سەر ئالآی نەخشاند . سەدام کە لە کوێت لێی توند کرا بۆ ئەوەی سەرنجی وولآتە ئیسلامییەکان ڕاکێشێت و بیروڕای گشتی هەڵخەڵەتێنێت هانای بۆ ئەو ئەڵاهو ئەکبەرە برد , بەشێك بوو لەو حەملەی ئیمانییەی کە تورابی پێی موعجیب بوو . کە ئالآ نوێکە نەخشێنرا , نە بۆنی گازی کیمیاوی مابوو , نە هەناسەی ئەنفالکراوەکان , نە دەنگی بارزانی و نە شوێنەواری فەیلی و نە 4500 لادێ و نە قەڵادزێ و نە و نەو .... . تەواوی کارەساتەکانمان لە ژێر ئەو ئالآیە ئەنجام درا کە ئەڵاهو ئەکبەرەکەی تێدا نەبوو .

سەنگەسەر لە ژیانی ئاڵای عێراقی تێدا هەڵنەدراوە, بەڵام ئێستا بەسەرییەوە دەشەکێتەوە , نەسرو باریکە ئەو ئاڵایە سەری کەس و کارییانی خوارد , ئێستا ڕۆژانە ئازارییان دەدا , قەڵای شێروانە قەڵای مێران بووە لە مێژووی خۆیدا , بەڵام ئێستا بۆتە قەڵای ئاڵای ئەنفال و کیمیاباران , بۆ هەرشوێنێك دەڕۆین هەر ئاڵاکەی ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆسایدە , دەڵێی خەباتی لە سەدەی ڕابردووی کورد هەمووی لە پێناو ئەو ئاڵایە بووە.